# بەیاننامەی کۆتایی هاتنی سەرکەوتوانەی سێهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران



**لاوانی وشیار و شۆڕشگێڕی کوردستان!**
**ئەندامان، دۆستان و لایەنگرانی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران!**
**هاونیشتیمانە خۆشەویستەکان!**

یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە شانازی‌یەوە ڕادەگەیەنێ کە سێهەمین کۆنگرەی خۆی کاتژمێر ٥/٥ سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٢ی گەلاوێژی ١٣٨٤ی هەتاوی بە دوای دەیان سەعات کاری بەردەوام، سەرکەوتووانە کۆتایی پێ هێنا.

کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کاتژمێر٩:٣٠ی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی٢٠ی گەلاوێژی١٣٨٤ بە نیشاندانی فیلمێکی دیکۆمێنتی مێژووی یەکیەتیی لاوان و دواتر پەیامی کردنەوەی کۆنگرە لەلایەن بەڕێز کاك مستەفا مەعروفی سکرتێری پێشووی یەکیەتیی لاوان و بە بەشداری ئامادەبووان کە بریتی بوون لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و ئەندامانی یەکیەتیی لاوان و کۆمەڵێك دۆست و میوانی یەکیەتیی لاوان، دەستی بە کاری خۆی کرد.

بەڕێز کاك مستەفا مەعروفی لە بەشێك لە پەیامەکەی دا گوتی:

"ئارەزووم دەکرد لاوانی کورد گەیشتبانە ئەو قۆناغەی کە ستەمی نەتەوایەتی‌یان لە سەر نەمابا و لە سایەی ئازادی و دیمۆکراسی دا ژیابان و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە لاوان زیاتر لە پێناو باشترکردنی ژیانی لاوان و وەدەستهێنانی مافە کۆمەڵایەتی‌یەکانی وەك: دابینکردنی کار، خانووبەرە، ئیمکاناتی خوێندن، وەرزش، تەفریح، زەمینەی لەبار بۆ پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش و شتی لەو بابەتە خەباتیان کردبایە.

ئارەزووم دەکرد ڕێکخراوێکی وەك یەکیەتیی لاوان لە قۆناغێك دا بوایە، تەنیا ئەوەندەی کاری سیاسی کردبا کە ویست و داخوازەکانی بە سەر دەوڵەت دا سەپاندبا و ناچاری کردبا مافە مەدەنی‌یەکانی بپارێزێ و پێویستی‌یەکانیان نەخاتە پشت گوێ. بەڵام بە داخەوە یەکیەتیی لاوان تا ئەو قۆناغە ڕێگایەکی دووری لە پێشە. ستەمی نەتەوایەتی و زەبر و زەنگ ئەو دەرفەتانەی لە لاوی کورد بڕیوە، دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە وڵاتەکەمان دا شێوەیەك خەباتی بە سەر یەکیەتیی لاوان دا سەپاندوە کە مەودایەکی زۆر کەمی بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکە مەدەنی‌یەکان هێشتۆتەوە. بۆیە زۆر جوان گوتراوە، لە وڵاتێك دا ئازادی نەبێ هەموو شتێك دەبێتە سیاسی."

دواتر بەڕێز کاك مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانی ئێران چەند وتەیەکی پێشکێش بە ئامادەبووان کرد. بەڕێز کاك مستەفا دوای پیرۆزبایی کرانەوەی کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی لاوان، لە بەشێك لە وتەکانی دا بەم شێوەیە دوا:

" لە دنیای پێشکەوتوو دا یەکیەتیی لاوان وەکوو زۆربەی ڕێکخراوە ناحکومی‌یەکان ڕێکخراوێکی سینفی‌یە و بۆ ویست



و داخـوازە سـینفیيەکانی خـۆی تێدەکۆشـێ.
بەڵام دەبینین کە لـە ئێرانـی بەڵالێدراو دا ئـەو ڕێکخراوە سـینفیانەش کـار و تێکۆشـانەکانیان دەکێشرێتە مەسایلی سیاسی. ئەوە زۆرتر لـەو واقعییەتـــەوە سەرچـــاوە دەگـــرێ کـــە تـــا حکوومەتی کۆماری ئیسلامی و حکوومەتەکانی لەو چەشنە بە سەر چارەنووسی خەڵکەکـەمان دا زاڵ بـن، خـەون و خولیـای ئـازادی و مـافی هەموو چین و توێژەکانی کۆمـەڵمان بـە ئامـانج ناگا. بۆ ئەوەی کە لاوەکانمـان لـە ژێـر هـەموو ئەو چەوساندنەوە و ستەمانەی کە لـە ئێـران و کوردسـتان دا لـە سـەریانە ڕزگاریـان بـێ، بـۆ ئەوەی کە ژنان بتوانن بە مـافی ڕەوای خۆیـان بگەن، بۆ ئەوەی کە هونەرمەندان، کرێکـاران و باقی سینف و توێژەکانی کۆمەڵگاکەمان بتوانن مافی خۆیان وەدەست بێـنن، شـەرتی ئەساسـی و نوقتـەی ئەسـڵی، لابردنـی حکوومـەتی کۆمـاری ئیسـلامیيە کـە گـەورەترین مانعـە لـە موقابیـل هـەموو ئـازادی و خێـرو خۆشیەك کە خەڵکەکەمان دەیهەوێ.

یەکیەتیی لاوانی دیمـۆکڕاتی کوردسـتانی ئێـران هـەر لـە سەرەتاوە یەکێك لە ئەرکەکانی خۆی خەبات دژی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران دانـاوە.... کـە زینـدووترین و نـزیکترین شاهیدی ئەو ئیددعایـەش ئـەو قارەمـانێتێ بـوو کـە لاوانـی کـورد لـە کوردسـتانی ئێـران دا لـە مـاوەی یـەك مـانگی ڕابردوودا خولقاندیان."

پاشان پەیامی پیرۆزبایی ڕێکخراوەکانی دۆستی یەکیەتیی لاوانـی دیمـۆکڕاتی کوردسـتانی ئێـران وەکـوو پـەیامی یەکیەتیی ژنانی دیمـۆکڕاتی کوردسـتانی ئێـران، یەکیـەتیی کوردان، یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی کوردستان، ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان، یەکیەتیی قوتابیانی کوردسـتان، پێشـەنگی خوێنـدکاران و لاوانـی کوردسـتان، بزاڤـی خوێنـدکارو لاوانـی دیمـۆکڕاتی کوردسـتان، کۆمەڵـەی چالاکیيەکانی هاموون (ناوەندی کۆیـە)، یەکیـەتیی لاوانـی ئەهواز، ڕابوونی لاوان و خوێندکارانی کوردستان، یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی کوردستانی عێڕاق، ڕۆژنامەی کوردستان، ڕۆژنامەی ئاگری و هەروەها چەند ناوەند و ڕێکخراوی دیکـە خوێندرایەوە.

کۆنگرە کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆی هەمان ڕۆژ بە بەشـداری سەرجەم ئەنـدامانی کـۆنگرە و لـەژێر دروشمـی "لـە پێنـاو پشتیوانی کردنی خـەباتی ئازادیخوازانـەی لاوانـی کـورد لـە بەربـەرەکانی کردنـی ڕێـژیمی دیکتـاتۆری لـە ئێـران دا" دەستی پێکرد و پاشان دەنگی مەشروعیەت بۆ کۆنگرە وەرگیرا.

ڕاپـۆرتی کۆمیتـەی ئامادەکـاری لەلایـەن ئـاگری باڵـەکی ئەنـدامی کۆمیتـەی بەڕێوەبـەری گشـتی خوێندرایـەوە، پاشان بەڕێز سۆران عەلیپور سکرتێری گشتیی یەکیـەتیی لاوان ڕاپـۆرتی سیاسـی کۆمیتـەی بەڕێوەبـەری گشـتیی پێشکەش کـرد کـە ئاوڕدانەوەیـەك بـوو لـە هـەل و مـەرجی جیهـانی و پێوەنـدی لاوان لـە کوردسـتان و ئێـران دا و دەستنیشـان کردنـی ڕۆڵـی لاوان و یەکیـەتیی لاوان لـەو پێوەندی یـەدا. پـاش باسێکی زۆر لەسـەر ئـەو ڕاپۆرتـە و ڕەخنـە و پێشـنیاری ئەنـدامانی کـۆنگرە و گونجانـدنی هێنـدێك تێبینـی، ڕاپـۆرتی سیاسـی لەلایـەن زۆربـەی ئەندامانی کۆنگرەوە پەسند کرا.

بەشـێکی دیکـەی کـاری کـۆنگرە خوێندنـەوە و بـاس و ڕەخنـە و پێشـنیار بـوو لەسـەر ڕاپـۆرتی کاروتێکۆشـانی یەکیـەتیی لاوان لـەنێوان کۆنگرەی دووهـەم تـا کـۆنگرەی سێهەم دا. ئـەم ڕاپۆرتـە لەلایـەن بەڕێز مەنسوور سـەممار ئەندامی ڕاوێژکاری بەڕێوەبەری گشتیی پێشکەش کرا.

بە دوای پەسند کردنی ئـەم ڕاپۆرتـە لەلایـەن کۆنگرەوە، کارەکـانی ئـەو ڕۆژەی کـۆنگرە کاتـژمێر١١:٣٠ی شـەو کۆتاییان پێهات و ڕۆژی دواتر کاتژمێر ٨ی بەیانی کۆنگرە دەستی بە کارەکانی کردەوە و ئـارم و بەرنامـە و پێڕەوی نێوخۆی یەکیەتیی لاوان خرایە بەر باس و دەنگدان .

لـەو بەشـە دا کـە لـە مـاوەی چـەندین جەلەسـە کـاری




بەردەوام دا و بە لەبەرچاوگرتنی تێبینی و پێشنیارەکانی سەرجەم بەشدارانی کۆنگرە لەسەر خاڵەکانی بەرنامە و پێڕەو، بە وردبینی‌یەکی تەواوەوە هێندێك ئاڵوگۆڕ بەسەر بەرنامەوپێڕەو داهات و لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە پەسند کرا.

دواتر جەلەسەی پێشنیار و ڕاسپاردە بە بەشداری ڕادەیەکی زۆر لە ئەندامانی کۆنگرە و دانی پێشنیار و ڕاسپاردەی بەکەڵك پێك هات کە کۆمەڵێك بەرنامە و ڕاسپاردەی وەك ئەرك خستە سەر شانی بەڕێوەبەری هەڵبژێردراوی گۆنگرەی سێهەم.

دوایین بەشی کۆنگرە هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەسڵی و جێگری بەڕێوەبەری داهاتووی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو کە ١١ کەس وەك ئەندامی ئەسڵی و ٥ کەس وەك ئەندامی جێگر هەڵبژێردران.

سێهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کاتژمێر ٦ی بەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٢ی گەلاوێژی ١٣٨٤ی هەتاوی، سەرکەوتووانە کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

لە تایبەتمەندیە سەرەکی‌یەکانی کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی لاوانی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران بەرزبوونی ئاستی وشیاری و ئاگایی ئەندامانی کۆنگرە سەبارەت بە بابەتە جۆراوجۆرەکان بوو کە بە عەقلییەتێکی ئەمڕۆیی و سەردەمیانە و لە کەشوهەوایەکی دیمۆکڕاتیك و شارستانیانە دا لە سەر بابەتەکانی کۆنگرە بیرو ڕای خۆیان دەردەبڕی. سەربەخۆیی فکری و باوەڕ بە خۆ بوون و دەوڵەمەند بوونی پێشنیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرە یەکێکی دیکە لەو تایبەتمەندییانە بوون کە بوو بە مایەی شانازی هەموو لایەك و لە لایەن زۆربەی دۆستانی یەکیەتیی لاوانەوە بە کۆنگرەیەکی کەم وێنە ناوزەد کرا.

بایەخدان بە بزووتنەوەی لاوانی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕەنگدانەوەی لە باسەکانی کۆنگرەدا، بەرهەمی خوێندنەوەی واقعبینانەی ویست و داخوازەکانی لاوانی نێوخۆی کوردستان و بوونی پێوەندی بەرین و دانەبڕان لە واقعی کۆمەڵایەتیی– سیاسی زاڵ بە سەر لاوان بوو.

**پیرۆز بێ کۆتایی هاتنی سەرکەوتووانەی سێهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران**

* * *